لیوا یەحیا رەسول لەبارەی هێرشەکانی ئەمریکا پەیامێکی بڵاوکردووە

گوتەبێژی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە راگەیەندراوەکدا دەڵێت، هێرشەکانی ئەمریکا پێشێلکردنی سەروەریی عێراقن و هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بە دەستبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە تێکدەدات. ئەمریکاش دەڵێت، پێشتر عێراقیان لە هێرشەکە ئاگادارکردووەتەوە

بەرەبەیانی شەممە، 3-2-2024، فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا – سێنتکۆم بڵاویکردەوە، "کاژێر 12:00ـی شەو (بەکاتی هەولێر) هێزەکانمان چەند هێرشێکیان لە عێراق و سووریا کرد سەر سوپای پاسدارانی ئێران و گرووپە میلیشیاکان."
لیوا یەحیا رەسوول رایگەیاندووە: "ئێم هێرشانە لە کاتێکدایە، عێراق هەوڵەکانی چە کردووەتەوە لەپێناو زامنکردن و دەستبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە."

دەشێت: "ئێم هێرشانە، پێشێلکردنی سەروەریی عێراقن، تێکدانی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقن و هەڕەشەیەک پێکدەهێنن کە عێراق و ناوچەکە بەرەو دەرئەنجامە پێشبینینەکراوەکان پێلکێش دەکات، کە لەکۆتەکانی کارەساتبار دەبن بە سەر ئاسایش و سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە."